# بێ ئەجێندا !؟ *

**ئاسۆعەبدوللەتیف**

کوردی کوردستانەکەی بەناو عیراق تاکەی ئاوا بەو شێوەیە خۆیان خزاندۆتە بەغدا بێ ئەوەی ئاوڕێک لە دۆخی وێرانەی کوردستان بدەنەوە؟ تاکەی دەمانەوێت دوای سەدام دەست و پەنجەش نەرم بکەین لەگەڵ بەدرو سەدروغەدرا،ئێستا ئیتر هەمووومان ئەزانین بەغدا هیچ نییە بۆ کورد تەنها سەرچاوەیەکی چەوری پەیداکردنی پارە نەبێ ئەویش بۆ کورد نا بەڵکو بۆ حیزب، سەدساڵی دیکەش لە بەغدابین نابینە خاوەنی کورسیەکی راستەقینە و دەنگێکی جەوهەری بۆ کورد، هەمیشە دەنگ و کورسیەکان لە بەغداد بۆ ئێمە مایەی نەگبەتی و سەرچاوەی ترس و رارایی بووە، ئەم دۆخە کە درێژە ئەکێشێ بۆ ئەم نەوە تازەیە دەسەڵاتی کوردی لێی بەرپرسە، هەمیشە زیانەکانی کوردو کارەساتەکان خراوەتە ئەستۆی قەدەری کوردو بێ کیانی و ئەم شتگەلە وەهمیانەوە، بێ ئەوەی تا ئێستا ئاماژەیەک بەوە کرابێ کە گرفتەکە ئەوەیە کە ئێمە بێ پیاوو بێ پرۆژەو بێ ئەجێنداو بێ ئەخلاقی سیاسین بۆ نەتەوەکەمان!! بێگومان مەبەستم چەمکی پیاو و ئەخلاق وەک دوو کۆنسێبتی کۆمەڵایەتی و خێزانی نا، بەڵکو ئەم دووچەمکە کەلە سیاسەتی کوردیدا نییەو غائیبە ولە کۆمەڵگای کوردیدا زادەی شەرەفن لە سیاسەتیشدا شەرەفی نەتەوەیین و نەمانتوانیوە بەو شەرەفە سیاسیەوە داخڵی کۆمەڵگای عیراقی نوێ بین، دەبینین دنیایەک جاش و سەرۆک عەشیرەت و مستەشارو پیاوی بەعس و فایلچی بێ ئەخلاق و بێ شەرەفی ئەنفالچیمان هێناوەتەوە بۆ ناو گوتارو دەسەڵاتی کوردی و ئەشمانەوێت سیاسەتیان پێبکەین، مەبەست لە پیاو بێگومان دروستکەری مێژووە وەک ئەبراهام لنکۆڵن و مارتن لۆسەرو ماندیلایە کە بۆ نەوەی دوای خۆیان ژیان و دەوڵەت و سیستمی ئابوری و ئاینیان رێکخست و چێکرد، بەڵام کورد بۆ پیاوی دەوڵەتی نییە؟ یان ئەگەر هەس کێن و کامانەن و ئەجێندایان کوا تاوەکو تاکی کوردی دڵیان پێخۆش بکا ؟ کاتی خۆشی کە مام جەلال بووە سەرۆک کۆمار گوتم کورد قارەمان و شۆرشگێرو جوامێرو ئازای هەیە بەس سەرۆک و (رجل الدولە)ی نییە و تا هەنووکە نەمانتوانیوە حەق بە قارەمانێکی راستەقینە بدەین کە قسەی خۆی بکات و کورسی وەرگرێ، بەداخەوە بەشێکی سەرەکی کوڕە قارەمان و ئازاو دانسقەکانمان نەمان و بونە قوربانی شەری ناوخۆو بەشەکەی تریش کەماون ئەوەندەی پیاوی حیزب و ئایدۆلۆژیان ئەوەندە پیاوی دەوڵەتی نین ئێستاش لە بەغداد ئەوەندەی وەکو کاراکتەری یەکێتی و پارتی یان پارتی و یەکێتی ئیش ئەکەین ئەوەندە وەکو سیاسیەکی کوردیی خاوەن ستراتیج ئیش ناکەین و نەمانتوانیوە ئەو فیگەرو فۆرمەی مەرجەعیەتی مەکتەب سیاسی ببرین یان ئەو یادەوەریەی حزب واز لێ بهێنین کە هەمیشە فەزای حزبیمان بۆ ئەخولقێنێ لە کاتێکدا کورد لە هەموو جیهانەوە چاوەروانی دەستکەوتن، ئەم بێ ماڵی و بێ ئەجێندایيە وای کردووە تاکی کوردی و نەوەی نوێش بە ئاراستەیەکی تردا گۆش ببن و ئینتیمایەکی کوردییان نەبێ و نەفرەت لە شەرەف و ئەخلاق و ئەجێندای سیاسیش بکەن،

* ئەم ووتارە لە ژمارە 47 ی 2006/12/5 ی هەفتەنامەی ئاوێنەدا بڵاو کراوەتەوە.